# کۆمەڵگا نیازی بە حزبیکی مارکس –حیکمەتیە لە کوردستان!

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

چینی کرێکار وبزوتنەوەکەی، کۆمەلگاو بزوتنەوە نارەڕزایەتیەکانی، لە کوردستان بە فەوری پێویستییان بە بونی حزبی خۆیان هەیە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەو حزبەیە کە دەتوانێت وەلام بەنیازەکانی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکارو نیازەکانی کۆمەلگا بداتەوە، حزبیك کە دەتوانێت یان پێویستە بتوانێت کە وەلام بداتەوە بە یەکگرتوکردنو ریکخستنی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکارو ریکخەرو رابەریکردنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری کە وا بۆ دوو ساڵ زیاترە لە کوردستان بەشێوەیەکی جۆراوجۆرو لەدەوری خواستی جۆراوجۆر خۆی نیشان داوە، بزوتنەوەیەك کە بەگشتی چەپی کۆمەڵگا بەهەر ناڕۆشنیو پەرتو بلاوییەك کە دەرگیرە لەگەڵیدا، رابەری کردوە.

بەلاّم کۆمۆنێزمی کرێکاری ئێستا لەدوای مەرگی لەناکاوی مەنصوری حکمەتەوە، بۆتە جێگای گفتوگۆو لەلایەكو لە لایەکی دیکەوە لە چوارچیوەی ئەم بزوتنەوەو ناوی مەنصوری حیکمەتدا چەند حزبێکی جۆراوجۆر پەیدا بوون. پەیدابونی سیٚ حزب لە نیو بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئیراندا، بەجیا لەوەی کە بەبڕوای من ئاسان دەکرا حزبیك بنو کۆمۆنیزمی کرێکاری مەنصوری حیکمەت چەتریك بوایە کە جێکای هەموو ئەو بیرو بوچونە جیاوازانەی بگرتایەتەخۆ لەنیو بزوتنەوەکەدا، بەوێنەی حزبێکی یەکگرتووی کرێکاریو کۆمۆنیستی درێژەی بدایە بە خەباتی خۆی. پەرتو بلاوی بزوتنەوەکەمان لە دوای مەرگی مەنصوری حیکمەتەوە، بەجیا لەوەی کە هەر کەسێكو لایەنیك بیرو بوچونی چیِیە لەسەر ئەم پەرتوبلاوییە، بۆخۆی سیاسەتو سوننەت وتەقلیدێکە لە جیاتی یەکگرتووبون، شەق بوون عەمەلی دەکاتەوە، لەجیاتی بە هیز بونی کۆمۆنیزمی مارکسو مەنصوری حیکمەت لاوازی برەو پێدەدات، بۆیە پێویستە ئێمە بە دیقەتیکی زیاترەوە سەرنج بدەینە پێکهێنانی ئەحزابی کۆمۆنیستی کرێکارییو لەوانە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.

لەم ڕوانگەیەوە بۆپێکهێنانی حزب لەکوردستان پێش ئەوەی بچینە نێو تەفاصیلی کار ئایندەی حزب، پلاتفرۆمو نەخشەکارە جیاوازەکانی، ئیستراتیژی عەمەلی بزوتنەوەکەمان لە کوردستان، تاکتیکە سیاسیەکانی، دامەزراندنی تەشکیلاتو تیوری تەشکیلاتیمان، چۆنیەتی ڕابەریکردنی بزوتنەوەی کرێکارییو جەماوەری، پەیوەندی نێوان ریکخراوە جەماوەرییەکانو حزب، پەیوەندەی ئەم حزبە بە ئەحزابی بورۆژوزای یەوە لەکوردستانو پەیوەندی لەگەل هەردوو حزبی دەسەلاتدارو دەسەلاتەکەیدا.... کەئەم مەسائیلە پێویستە زۆربەیان بچنە دەستوری کاری لێژنەی ئامادەکاری پیکهێنانی حزبەوە، بەلّام پێش ئەوانە، کە هەموویان پێویستن، بە بڕوای من پێویستیمان بەوە هەیە کە بۆ جاریکی دیکە، لە هەلومەرجێکی تازەدا، گەرانەوەیەکی کورت بکەین بۆ تیزە سەرەکیەکانی مەنصوری حیکمەت سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، بەتایبەت کە لە نیو ئێمەدا یان بلیٚم لە نیو ئەو هاوڕیٚیانەی کە بڕیارە حزب دابمەزرێنین، هاورایی هەیە لەسەر مەنصوری حیکمەت. تێزو باسە سەرەکیەکان کە پەیوەندیان هەیە بە ماهیەتی حزبەوە وەك حزبێکی مارکسستی ماگزیمالستو شۆرشگیر، نەك لایەنە تەشکیلاتیو تەکتیکیو ئیدارییەکانی حزب. بەلّام باسی تیزەکانی حزب لە ڕوانگەی مەنصوری حیکمەتەوە، باسێکی بەتەنها فیکریو تیوریك نیە، باسێك نیە کە ئینسان پێویست بیت لەسەری تەعەهودی ئایدۆلۆژی خۆی ڕابگەیەنێت، بەڵکو بەبڕوای من باسێکی سیاسی عەمەلیو کۆمەلایەتیە بەتایبەت بۆ ئێمە، پاش تەجروبەی هەر یەکێکمان لەکوردستان کە مێژوویەکمان لە نیو بزوتنەوەی کۆمۆنیستیو کرێکارییو حزبی عێراقدا هەیە، ئەم مەسەلەیە بە تەواوی دەکاتە مەسەلەیەکی عەینی کۆمەڵگاو بۆتە تەجروبەیەکی مەلموسی نەك ئیمە بەتەنها بەڵکو بەگشتی بۆ خەڵکی کوردستانو بزوتنەوەی نارەزایەتی چینی کرێکارو جەماوەری نارازی کوردستان. من لە چوارچیوەی ئەم باسەدا هەوڵ دەدەم ئەم خاڵە زیاتر ڕۆشن بکەمەوە.

بەلام حزب بۆ ئیمە لەکوردستان لە ڕوانگەی منەوە، ڕاستەوخۆ پێش هەر مەسەلەیەکی بابەتی دیکە لە زەمینە ماددییەکانی قودرەتگیری کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لە کوردستان دەردەکێشریتو مانا پەیدا دەکات. لەکوردستان، کۆمۆنیزمی کرێکاری، خاوەنی چەتری کۆمەلایەتی خۆیەتی، لە هەلسوڕاوان رابەرانو کادرانی خۆی بەهرەمەندە، بەهرەمەندە لەنفوزی مەعنەوی، چەپ لە کوردستاندا بەشێوەیەکی کۆمەلایەتی وا دووساّل زیاترە بە شێوەیەکی مەلموسو عەینی لە ریگای ڕێپێوانو خۆپیشاندانەکانەوە خۆی نیشان دەدات سەرەڕای پەرتو پلاویو ناڕۆشنیەکانی .... ئەمە بەجیا لەوەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی پێشینەیەکی مێژوویی بەهیزی هەیەو لەئاستی کۆمەلایەتیدا خۆی نیشانداوە، لە شوراکانی ساڵی 1991وە بگرە تاکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییو ئاکسیۆنە ئایاریو 8ی مارسیەکان... بەم مانایە، زەمینەی بەهیزبوونو بەدەسەلات گەیشتنی کۆمۆنیزم

له کوردستان هەم مەوجودە، وەهەم لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگای کوردستان نیازی بە حزبیکی لەم چەشنە هەیە،پاش 16 ساڵ لەدەسەلاتی ناسیونالیزمو بیزاری خەلك لەم دەسەلاتو سیاسەتو فەرهەنگەی ناسیونالیزم، ئەوەندەی دیکە پیویستی پیکهێنانی ئەم حزبە دەکاتە ئەمرێکی فەوری.

## *کام حزبەمان پێویستە؟!

بەبڕوای من پایەی سەرەکی باسی حزب بۆ مارکس وە بۆ مەنصوری حیکمەت، باسە لەگۆڕینی دنیا، باسە لە حزبی دەسەلاتخوازو گەیشتن بەدەسەلاتو دامەزراندنی جمهوری سوشیالیستی. بەبێ هەنگاونانی سیاسیو عەمەلی بەرچاو ڕۆشن، بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسیو لە وەزیاتر بۆ بنیات نانی کۆمەڵگایەکی سوشیالستی، حزبی مارکس، حزبی حیکمەت ماناو ناوەرۆکی خۆی لەدەست دەدات. حزب وەك هێزێکی پێشڕەوی کۆمۆنیستی کە لەهەموو پیچو خەمەکاندا، لەکاتی ئەزمەی سیاسی یا ئارامیدا، لەکاتی سەرکوت یا فەزای ئاوەڵەدا، لەکاتی گەشە یان رکودی بزوتنەوەی کریکاریو جەماوەرییدا، هەمیشە لە هەولی ئەوەدایە کە ڕێگای گەیشتن بەدەسەلات نزیك بکاتەوەو بۆ ئەمەش ڕۆلی توخمی ڕێکخەرو رابەری بزوتنەوەکەی دەگیرێت، لەهەلومەرجە سیاسیە جیاوازەکاندا. بەتایبەت لەمبارەوە هەم تەجروبەمان پشت سەرناوە، هەم بە هۆی ئەو تەجروبەیەوە، دەرگیر بوین لەگەڵ شەردا، کە بەزەرەری ئیمە شکایەوە. ئەمجارە لەم ڕوانگەیەو، حزبی تازە پێویستە چی بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر دەرگیریان کرد لەگەڵ شەڕی ناوەختدا، ئەوا وەلامی پێویستو گونجاوی خۆی بداتەوە. بەلام حزبیك کە لەکوردستان قەرارە پیك بێت، دەبێت تێزە سەرەکیەکانی جیاوازییەکانی خۆی جاریکی دیکە چۆن بەیان بکاتەوە؟ بەتایبەت کە مەنصوری حیکمەت لە نیوماندا نەماوە، لەلایەکی دیکەشەوە، ئیمە وەکو ژمارەیەك لە ئینسان تەجروبەیەکمان پشت سەرناوە لەنێو بزوتنەوەی کریکارییو خەلکی کوردستان لەماوەی 16 ساڵی رابوردودا.

گەڕانەوەی من بۆ ئەم مەسائیلە پایەییانە، هەر ئەوەنیە کە بزوتنەوەکەمان دەرگیرە لەگەل پەرتو بلاوییەکی نا موجەهدا، بەڵکو لەوەش زیاتر پاشەکشەی کۆمۆنیزمی کریکاریو حزبکەی لەکوردستان لەلایەكو فشاری ناسیونالیزمی کوردو دەسەلاتەکەی لەلایەکی دیکەوە بەسەر خەلکی کوردستانەوە، ڕەنگدانەوەی هەبوە لەسەر زەینی کۆمۆنیستەکانو چەپی کۆمەلگا بەگشتی. لەم نیوەدا لە ژێر چەتری "وەستانەوە بەرانبەر بە توندەڕوی"و"رەخنەگرتن لە ڕابوردوودا" ئیمەی ڕوبەڕووی کۆمەلیك مەسائیلی گرێی کردۆتەوە، کە پێویستە وەلامیان بدەینەوە، هەر یەك لەو مەسائیلە پایەیییانە بە شیوەیەکی عەینی لەگەل هەلومەرجی کۆمەلایەتیو کاریگەرییەکانی نیشان بدەین.

- **دابڕان لە ناسیونالیزم:** بەبڕوای من جاریکی دیکە جەختکردنەوەیە لەسەر دابڕانی هەمەلایەنە لە ناسیونالیزمو قەومپەرستی، دابڕانی هەمەلایەنی سیاسیو ئایدۆلۆژیو فکریو فەرهەنگی وسوننەتەکانی ئەم بزوتنەوەیە، تەوەرەیەکی سەرەکییە. ئەمە خالێکی هێجگار محوەرییە بۆ پیکهێنانی حزبیك کە شایستەی ئەوەبێت ئیدعای مەنصوری حیکمەت بکات. بەلام ئەم باسە وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد باسێك نیە کە ئیتر هەر بەتەنها تیۆرو فکر بێت، بەڵکو باسێکە بە توندی وفراوانی خۆی لەگەڵ ژیانو گوزەرانی ملیۆنەها ئینسان لەکوردستان تێکەلو ئاوێزان بوە.16 ساڵی رابوردووی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لەکوردستانو دەسەلاتی میلیشیایی حزبەکانیو سەرکوت لە ئاستی فراوانی کۆمەلایەتیو سیاسی، فەساد بەمانای فراوانی کۆمەلایەتی، برەودان بە دواکەوتوییو فەرهەنگی دواکەوتوی عەشیرەتگەرىو ئیسلامی، مامەلەیان لەگەڵ ئەحزابی سیاسیو ئازادییە سیاسیەکان بەگشتی، مامەڵەیان سەبارەت بە ژیانو گوزەرانی کرێکارانو فەرمانبەرانو پیدانی موچەیەکی کەم، دەست نەبردنیان بۆ چارەسەری کێشە خزمەتگوزارییە سەرتاییەکان لە ئاوو کارەباو سوتەمەنی، بەرەو ئیئتلافی جۆراوجۆریان لەگەل کۆنەپەرسترین هیزەکانی عیراقدا، وەستانەوەیان لەبەرانبەر هەموو داوا بەرحەقەکانی خەلکی کوردستان... زەمەنێکەو ئەم زەمەنە مێژوویەکە کە خەڵکی کوردستان بە ئاسانی تێنیپەڕاندوە. ناڕەزایەتییە کریکارییو جەماوەرییەکانی خەلکی کوردستان کەلە بەهاری سالی 2005وە دەستپیکردوە، ئیدعانامەیەکە کە خەلکی کوردستانو چینی کرێکار لە بە رانبەر بە ناسیونالیزمو دەسەڵاتەکەیدا ڕاینگەاندوە، سەرەڕای ئەوەی کە نارۆشنو نارێکخراوە. بەم مانایە ئەگەر لە کاتی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئیران یان عێراقدا ئەم باسە برێك ئایدیۆلۆژیو نا مەلموس بۆ هەندیك کەس هاتبیتە پێش چاو، ئەوا ئەمڕۆ دابڕانی هەمەلایەنە لە ناسیونالیزم، باسێکی عەینی کۆمەلگایەو تاقیکراوەتەوە. بەم مانایە کادرانی ڕیزی پێشەوەی حزب لەکوردستانو ستون فەقەراتی کادرەکانی پێویستە زەرپەیەك لەمبارەوە دودڵیان نەبێتو بەهیچ جۆرە تەباییەك لەگەل فکرو تیۆرو فەرهەنگی ناسیونالیزم نەك رازی نەبن، بەلکو هەمیشە لەهەولی بێووچانی خۆیاندا بن کە کاریگەری ئەم بزوتنەوەیەو هیزەکانی بەسەر زەینی

ملیۆنەها ئینسانەوە کاڵو ناکام بکەنەوە. ئەگەر نا بەبروای من حزب لە کوردستان ناتوانیت تەنها یەك هەنگاو بنیت لەپێناو جێبەجیکردنی ئامانجەکانیدا. کەواتە لەمبارەوە نەك خۆسازانو تەمایل نیشاندانو کالکردنەوەی ماهیەتەکانی حزب پێویست نیە، بەلکو حەقانیەتی کۆمەلایەتی فراوانتر بۆ دابڕان لە ناسیونالیزم لەئاستی کۆمەلاتیدا مەترحە. بە بڕوای من باسی ئەوەی کە "کۆمۆنیزمی کرێکاری" خۆش ناو نیە، یان پێویست نیە ناوی حزب" کۆمۆنیزمی کرێکاری "پیوە بێت، بەجیا لەوەی لە لایەن چ کەسێکەوە پێشنیار دەکرێت، خواستێکی سەرەکی دەسەلاتیی ناسیونالیزمە، نەك بەمانای داوایەکی لەم چەشنە بەڵکو بەمانایەکی کۆمەلایەتی فراوانتر کە لە سیاسەتو فەرهەنگو وە زیاتر لە عەملکردیدا دەیبینین، بەرانبەر بەم بزوتنەوەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو رابەرانو کادرانی ئەم حزبە. ڕۆشنە زەختو زۆری ناسیونالیزمو دەسەلاتەکەی قورسایی داناوە لەسەر زەینی کۆمەلگا بە رانبەر بە کۆمۆنیزمی کرێکاریی، حەتمەن ئەم زەختە بەشێوەیەك لە شێوەکان رەنگدەداتەوە لە نیو چەپو کۆمۆنیستەکاندا. ئەو زەختو زۆری پێویستە، چونکە تاکە هێزیکی ڕێکخراوو حزبی کە بە شێوەیەکی قاتعانە تا ئێستا لە بەرانبەریدا وەستاوە، بەداخەوە تەنها حزبی ئەم بزوتنەوەیەیە. پیم وایە خواستێکی لەم چەشنە خواستێکی فەرزکراوە، نەك قەناعەتو تەنانەت نەك تێگەیشتنی هەلە لە مەنصوری حیکمەتو مارکس.

**قاتعیەت بەرانبەر بە ئیسلامی سیاسی:** مەسەلەیەکی دیکە، رەخنەی قولو هەمەلاینە کۆمەلایەتیـیە لە هەموو ئاینەکانو بەتایبەت لە ئاینی ئیسلامو وەستانەوەیەکی جەسورانەی حیکمەتیە بەرانبەر بە تیرۆرو تیرۆریزمو کۆنەپەرستی ئەم بزوتنەوەیە. ئێمە لەکۆمەلگایەکدا کارو هەلسورانی سیاسی دەکەین کە بارگاوی کراوە بە ئیسلامو لەوەش زیاتر بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی ئەحزابی جۆراوجۆی خۆی هەیە. من پیم وانیە لەباری قەناعەتو بڕوای ڕابەرانو هەلسوراوانی پێکهێنەری حزبەوە، لەمبارەوە کۆسپیك هەبێت. بەلام هێنانەوەی ئەم محورە بناغەییە لە ژێر ناوی "وەستانەوە بەرانبەر بە توندەروی" لەنێو کۆمەلگاوە مەترح دەکرێتو کاریگەری دەگاتە سەر ڕەوتی سیاسیو عەمەلی ئیمە. فشاری کۆمەلگا کە خۆی لەبناغەوە بەرئەنجامی فشاری ئیسلامی سیاسیو سازانی دەسەلاتە لەگەلیدا، قورسایی دەخاتە سەر ئەم قاتعیەتەی بزوتنەوەی ئیمە سەبارەت بە ئاینی ئیسلامو ئیسلامی سیاسی، لە ژیر ناوی وەستانەوە بەرانبەر بە "توند ڕەوی"و "ڕەخنە گرتن لە دەورەی پێشوو". بەلام ئەم بۆچونە خەریکی ئەوەیە دەستکەوتە درەخشانەکانی دەورانی پێشومان دەکوتێتو سلبیەکانمان بۆ دەهێلێتەوە، لاوازی کۆمۆنیزم لەم تیزە داتاشراوەوەی "توندڕەوی"دا دەردەکێشێت لەکوردستان، کە هەڵەیەکی کوشندەیە.

بەتایبەت ئەگەر کاتی پێکهێنانی حزب لە عێراق، ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا قاچی نەگرتبوو، ئەوا ئەمڕۆ بەتەواوی تەواوی ئازای گیانی ئەم بزوتنەوەیەو هیزەکانی سورە بە خوێنی قوربانیانی تیرۆر لە خیلی حەمەوە بگرە تا 1ی شوباتو تا تەقاندنەوەو هەرەشەکردن لە چەندین ئارایشگاو بازارو دوکانی سیدیو کاولکردنی هەلەبجەو ناوچەی هەورامان... بەبروای من بەجیا لەوەی کە زمانی تەبلیغی ئیمە چۆن بیت کە ئەوەیان باسیکی جیاوازەو من بەتوندی دژ بە تەبیلغاتی ئیرادەگەرییو تەهیجی ئاکسیونیستیم، کارو کردەوەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و لە ناوچەکەو جیهاندا ئەوەندەی دیکە داوای قاتیعەت لە ئێمە دەکات لە بەرانبەر ئاینو ئیسلامی سیاسیدا.

**تێروانین بۆ دیموکراتی:** لە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهانو کوردستان، دیموکراتی وەك بزوتنەوەیەکی بورژوازی کە چوارچیوەو بناغەی جیهانی بەهیزی هەیە لە چاو باقی بزوتنەوەکانی دیکەی بورژوزایدا، وا 16 ساڵە مۆدیلێکی بورژوزای جیهانە بۆ ئیدارەی کۆمەلگاو بەریوەبردنی دەوڵەتو ئابوری. ئەم مۆدیلە لە دەسەلات لە پشتیوانەیەکی جیهانی بەهیز بەهرەمەندە. بە لام دیموکراتیو پێشو پاشگرەکانی لە سیستەمی دەسەلاتدارییەکەوە بگرە کە لە پەرلەمانو پلورالیزمی ئەحزابەکانی بورژوزایو جیگۆرگێی دەسەڵاتدا خۆی نیشان دەدات، تا دەگاتە لیکدانەوەو تیرۆانینو فۆرمۆلەکردنەوەی ئازادیو تا کۆمەلگا مەدەنییەکەی.... بۆ کۆمەلگای بەشەری مێژوویی هاوچەرخی ئیمە لە ماوەی 16 ساڵی رابوردودا ڕۆشن بونەتەوەو ماهیەتی دەرکەوتوە. ئەمڕۆ کرێکارێکی پۆلۆنی یان بلغاری کە پرسیارێکی بەراوردکاری لێبکەیت لەنێوان سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی پێش ساڵی 1990دا بەهەموو کۆنەپەرستیو سەرکوتەکەیەوە، لەگەل ئەو سیستەمە دیموکراتیەی ئەمرۆ لەو ولاتانەدا بەرقەرارە، بێشك لە زۆر ڕووەوە تای تەرازوەکەی بەقازانجی ئەو نیزامەی دوێنی دەشکێنیتەوە، کە لایەنی کەم ئەمنیەتی ئابوریو ژیانو گوزەرانیو خزمەتگوزارییەکانی مسۆگەر بوە. تەنانەت رۆشنبیرە "فەیلەسوفە"کوردەکانمان لەدوای 11 سیبتمبەر گەیشتن بەوەی کە جۆرج بوش و جیهانگیری" ڕوە جوانەکانی جیهانگیریان ناشیرین کرد". لە عێراقیش دیموکراتی ئەوە 4 ساڵە ماناکەی گەشەی تیرۆرو کێبەرکێی تائیفیو قەومی بوە، کۆمەلکوژیو شەڕو خوین ڕشتنو ئازاردانو نائەمنی بەردەوام بوە. لەکوردستانیش ئەوا 16 ساڵە دیموکراتیو مافی مرۆڤو تەعددی!! .... هەر

ڕۆژەو هەر سەعاتە  کارێکی سەرەکی ئەوەیە کە راستیەکان هەڵگیرێتەوە لەباری سیاسیەوە. لە نیو کۆمەلانی خەڵکیشدا، سەرکوتو تەقە لە خۆپیشاندەران، لێدان لە حزابی سیاسی، سەرکوتی رەئی ئازاد، شەری ناوخۆ، ریکەوتنو بەرە سازکردن لەگەل کۆنەپەرسترین ئەحزابی سیاسی عیراقو ناوچەکەدا، مامەلەو لەباوەشگرتنی ئیسلامی سیاسی، پەلکێشکردنی تیرۆر بۆ کوردستان، کوشتنی بەشەپۆلی ژنان، نەبونی خزمەتگوزاری، بێمافی لە ڕادەبەری کرێکاران، فەسادو هەڵلوشینی سەرەوتو سامانی کۆمەلگا لەلایەن گەورە بەرپرسانی حزبی حکومیەوە....کرێکاران وە خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی مەلموس بە گۆشتو خوێنەوە ئەم مۆدێلەیان تاقیکردۆتەوە... ماهیەتی دیموکراتی بۆ ئەوان ئەوەیە کە بینویانە، کە مەسەلەیەکی بەتەواوی عەینی‌یە. ئەم تەجروبەیە بەرۆشنی  ئەوە نیشان داوە کە دیموکراتی ریوایەتێکی هیجگار هەڵگەرایەوە لە ئازادیو لە بناغەدا ئازادی بزوتنەوەو هیواو ئامانجێکی دیکەی کۆمەلگای بەشەرییە، کە لەگەل دیموکراتیدا ناگونجێت.

بەلام یەکێك لەخاسیەتەکانی دیموکراتیزم، وەك بزوتنەوەو چ وەك سیستەمی دەسەلات لە چاو ناسیونالیزمو ریفۆرمیزمدا ... دەتوانێت ئاڵوگۆری شکلی زیاترو شیوەی جۆاروجۆرو خۆنواندنی هجیگار فراوان نیشان بدات لە ژێر هەمان ناودا. هەر بۆیە باسی من لە پەیوەند بە دیموکراتیەوە باسیك نیە سەبارەت بە  فەرهەنگی دیموکرات بونی دەسەلاتی ناسیونالیزم بەتەنها( بەتایبەت ئەمەیان بەتەجروبە دەرکەتوە) بەلکو باسە لە ڕەوتیکی فراوان بەشێوەی رێکخراو و گروپ، یان لەئاستی توێژی رۆشنبیرانو ڕۆژنامەگەریو ڕاگەیاندندا لە ناوەوەی کوردستانو لە دەرەوە، بەتایبەت هەندیك لە مانە وەك "رەخنەگر"ێك بەرانبەر بە "دەسەلاتی ناسیونالیزم"خۆیان نیشان دەدەن. ئەمە پێویستی بەوەهەیە کە بەشی رابەرو ستون فەقەراتی کادرانی حزب لەکوردستان لەمبارەوە سنورو قاتعیەتی خۆی لەبەرانبەر دیموکراتیزم وەکو بزوتنەوەو سیستەم مەسەلەیەکی بڕاوە بێت. یەکێك لەو مەسائیلانەی کە رابەرانو کادرانی حزب پێویستە لەگەلیدا جدالێکی فکریو سیاسی کۆمەلایەتی بکەن وەلامی مارکسستانەی پێبدنەوە، ئەو توێژە فراوانەیە کە بە دیموکراتیزم خەریکی ئەوەیە ناسیونالیزم بڕازێنێتەوە، گوایا کەموکوری ناسیونالیزم تەنها  ئەوەیە کە کەم دیموکراتیە.

**-ئەنتەر ناسیونالیزم:** یەکیك لە پایە سەرەکیەکانی ئەحزابی مارکسو کۆمۆنیزمی کرێکارییە. بەڵام دنیای ئەمڕۆ ئیمە، زۆر زیاتر لەوە ڕۆیشتوەو ئەم خاسیەتەی کردوە بە خاسیەتی تەواوی ئەحزابی سیاسی. سەرنج بدەن لە تەواوی ئەحزابی بورژوازی لە دنیادا، سەرنج بدەن لە یەکێتیو پارتیو تەنانەت لە ئەحزابی ئیسلامی سیاسی... سەیری نەخشەسیاسیو هەنگاوە عەمەلیو دیبلوماسیەکان بکەن، لەوەش زیاتر تەناتەت  سەرنج بدەنە قسەی ڕابەرانیان، زۆر ڕۆشن ئەمڕۆ باس لەم مەودا جیهانیو پالپشتی بەرەجیهانیەکەی خۆیان دەکەن بۆ هێزەکانیان. ئەگەر بۆ هیزە بورژوازییەکان لەمڕۆی دنیادا ئەم خاسیەتەیان کردۆتە مامەڵەکردنێکی ناچار فەرزکراوی دنیای ئەمڕۆ، بۆ ئێمە وە بۆ ئەحزابی کۆمۆنیستی باسەکە لەوە دەرچێتو دەبێتە مەسەلەیەکی ماهیەتی. واتە نەك تەنها بەمانای پالپشتیکردنو کۆمەککردن دێتە بەرچاو، بەلکو لە ئیستراتیژەوە بگرە تا دەکاتە تاکتیكو هەڵسورانی سیاسیو دروشمەکانمان هەر هەمووی لە روانگەی بەرژەوەندی چینایەتی کریکارەوە لە ئاستی جیهاندا دەردەکێشریت، هەروەکو مانفێستی مارکس پێمان دەڵێتو مەنصوری حیکمەت بە شێوەیەکی فراوان جەخت دەکاتەوە سەری. بونی هیزی فراوانی ئێمە لە دەرەوە، ئەگەر بۆ دەورەی پێشوو، بوبێتە خالێکی لاوازی بزوتنەوەکەمان لەناوەوە، پێویستە لە ئێستاوە ئەم هێزە، تەنانەت لە باری تەشکیلاتیشەوە بکرێتە زەخیرەیەکی ماددیو عەمەلی لە پێناو بەهیز کردنی ئەم لایەنە ئەنتەرناسیونالیستیەدا.

**- گەرانەوە بۆ مەنصوری حیکمەت**: ئەگەر مەنصوری حیکمەت پێمان دەلێت بە بێ گەرانەوە بۆ مارکس بزوتنەوەکەمان ناگات بەهیچ، ئەوا لەسەر ئێمە پێویستە بەڕۆشنی بڵێین، کە بەبێ گەرانەوە بۆ مەنصوری حیکمەت بزوتنەوەکەمان ناگات بەهیچ کوێ. بەلام مەنصوری حیکمەت، پێویستە فکرو تیوریەکانی میتۆدو سیاسەتەکانی بە وینەی قالبو دەقی نەگۆر سەرنج نەدریت، بەلکو وەك چەکێکی رەخنەگرانەی قوڵ بەرانبەر بە گشت سیستەمی سەرمایداریو باڵە بورژوازییە جیاوازەکانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. مەنصوری حیکمەت نە بەعنوانی پێغەمبەرێك تەقدیس بکریت، وە ئیمەش نەك وەدەروێشانی شێخێك، بەڵکو بەوینەی رابەری تێوریو سیاسی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکار لەسەردەمی خۆیدا. بەبڕوای من ڕابەری حزب لەکوردستان پێویستە لە سەرەتاوە لە پرۆسێسی پێکهێنانی ئەم حزبەدا بە ڕۆشنی ئەم گەڕانەوەی خۆی بۆ مەنصوری حیکمەت ڕابگەیەنێت.

ئەم باسە بۆ ئیمە باسێك نیە پەیوەندی هەبێت بە رەئی جیاوازەوە، یان ڕێگرتن لە رەئی موخالف کە زۆر جار بەوە تۆمەت بار دەکرێین، بەڵکو ئەم حزبە ئەوە پایەکەیەتی. باسی رەئی جیاواز لەسەر مەسائیلە سیاسیەکان، تا ئەوپەری خۆیو دانی بواریکی هیجگار ئازادو فراوان بۆ رەئی موخالیف تا کاتی گەیشتن بە بریاری حزب، بونی حزبیکی سیاسی بەهیزو قودرەتمەندی کۆمۆنیستی، حزبیکی تەعدد ئاراو یەك پراتیك

پێداویستیەکی ئەمڕۆی خەباتی چینایەتیە، بەلام دامەزرێنەرانی حزب ناتوانن حزبێکی چەند بونیەو چەند روایەتی جیاواز پێك بهێنن لە مارکس‌و مەنصوری حیکمەت.

**تەحزوب‌و حزبیەت**: یەکیك لەمەسەلە ماهیەتەکانی ئێمە بەناونیشانی هەڵسوراوانی بزوتنەوەیە:، وە بزوتنەوەکەمان بە ناونیشانی بزوتنەوەیەکی سیاسی دەسەلاتخواز، مەسەلەی حزبیەتەو تەحزوبی کۆمۆنیستیە. ئەم ماهیەتە دیسان مەسەلەیەکی عەینی‌و کۆمەلایەتیەو لەبناغەوە لە ئیستراتیژو ئامانجەکانمانەوە دەردەکێشرێت، ئصولە کۆمۆنیستیەکانی ئێمە لە ئاستێکی فراواندا بە یانی ئەم مەسەلەیەمان بۆ دەکەن. پێش ئەوەی ئەم باسە باسی قەرارو یاساکانی حزب بێت، باسە لە تیروانیمان بۆ دنیا، باسە لە وەی کە چ حزبیکمان دەوێت. حزبی سیاسی ئەگەر پێویستیەکەی فەورییە بە مانای فراوانی، ئەوا حزبیەت‌و ئصولەکانمان دیسان بەمانا فراوانەکەی پرنسیب‌و دەستورو یاساو بریاریکن، کە بەماهیەتی پیکهینانی ئەم حزبە کۆمەلایەتیەوە چەسپاوەو لێی جیانابێتەوە. بەم پێیە، باسی حزبیەت‌و تەحزوبی کرێکاریی پێش ئەوەی کە باس بیت لە سەر جێبەجێکردنی بڕیارو یاسا حزبیەکانەوە، پراتیکی نێوخۆی حزب، هەڵسورانە لە ئاستی کۆمەلاتیدا بۆ نیشاندانی جۆرێکی لە ئەحزابی کۆمەلایەتی، جۆرێکی دیکە لە سوننەت‌و فەرهەنگی کۆمەلایەتی‌و حزبی، جۆریکی دیکە هەلسوکەوت مامەڵە لەگەل ئەندامان‌و کادرانی حزب‌و دەزگا حزبیەکان‌و لە گەل ئینساندا بەشیوەیەکی گشتی. راستیەکەی لەمبارەوە وەکو ژمارەیەك کۆمۆنیست، تەجروبەیەکی فراوانمان پشت سەرناوە، کە بەگشتی جێگای رەزامەندنی نیە. حزب لە کوردستان، وە پرۆسێسی پیکهێنانی ئەم حزبە، پێویستی فەوری بەوەهەیە کە ئەم لایەنە لە خۆیدا بەرجەستە بکات، ئەگەر نا بەبروای من حزبیکی جەماوەری گەورەو گرانی کۆمەلایەتی‌یش بیت ناتوانیت بگەیتە جیبەجیکردنی ئامانج‌و بەرنامەکەی خۆت. ئەمە بەجیا لەوەی ئەگەر حزبیەت بەو مانا فراوانە لە نیو حزب‌و ستون فەقەراتی کادرەکاندا تەجسید نەبێت، چ کاریکی سەختە بگەیتە حزبیکی بەهێز. لەم نێوەدا بەشێك لە ئینسانی بونی ئیمە وەکو بزوتنەوەیەك بە رۆشنی خۆی نیشان دەدات سەبارەت بە مافە جهانیەکانی ئینسان، لەئازادییە سیاسیەکانەوە بگرە تاکو مافە فەردی‌و کۆمەلایەتیەکان، یەکسانی ژن‌و پیاون مافەکانی مندال.... بەرجەستەکردنەوەی راقترین ناوەرۆك‌و شێوە لە مافەکانی ئینسان پێویستە لەلایەن ئیمەوە دیسانەوە بەرزکرێتەوەو خەڵکی بەدەوردا ریکخراو و یەکگرتو بکرێت.